# زانیاری دەربارەی درێژەدان بە ڕاپۆرت کردنی زانیاری بۆ تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی

ئەم زانیاریە ئاراستەی ئەتۆ دەکرێت کە چارەسەرکراویت یان چارەسەر دەکرێیت بۆ نەخۆشیەک کە تۆمار کراوە لای تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی. لە کاتی نەخۆش کەوتنت سەرپەرشتەکانت زانیاریان پێ درا دەربارەی ئەمە. ئێستا کە ئەتۆ پێگەیشتوویت ئێمە دەمانەوێت زانیاری نوێت پێ بدەین دەربارەی ئەوەی کە چ شتێک ڕاپۆرت دەکرێت بۆ ئەو تۆمارە.

**ئەگەر ئەتۆ ئەوە پەسەند دەکەیت کە زانیاریەکان لە تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی بمێننەوە ئەوا پێویست ناکات هیچ بکەیت.**

*ئەگەر دەتەوێت زیاتر بزانیت دەربارەی مەبەستی تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی تکایە ئەو زانیاریە بخوێنەوە کە لە خوارەوە کۆمان کردوەتەوە.*

## پێشینە

ئەو شەش ناوەندی ئۆنکۆلەجی منداڵانە کە هەن لە سوید جگە لە چاوەدێریی نەخۆشیی و دەرس دان هەروەها کاری بەربلاوی توێژیین و پێشکەوتن بەڕێوە دەبەن. وەک بەشێک لەم کارە، زنیاری لەبارەی نەخۆشی و چارەسەرکردنت تۆمار کراوە لە تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئاییندەییە چارەسەرکردنەکە ئێمە ئارەزوومەندین کە بتوانین بەردەوام بین لە بەردەوامی کردن لە ڕێگای ئەم تۆمارە. ئەمە بۆ تۆمارکردنی ئەو گرفتانەی نەخۆشیەکە کە جاروبار دروست دەبن و ئەو چارەسەرە کە پێشکەش کراوە.

داخوازی ئێمە لەبەر ئەوە ئەوەیە کە تەنانەت لە ئاییندەش بتوانین زانیاری کۆ بکەینەوە لەو یاداشتنامانە لەو بنکەی نەخۆشانە کە لەوانەیە ببنە بەرپرسی بەردەوامی کردنی ئەتۆ.

بۆ فێربوونی زیاتر دەربارەی گرفتگەلی درەنگ ئێمە هەروەها دەمانەوێت دەرفەتنی بەراوورد کردنی زانیاریگەل لە بەردەوامی کردنەکەوە هەبێت لەگەڵ تۆمارەی دیکە، بۆ نموونە تۆماری نەخۆش. ئەگەر شتێک بدۆزینەوە، کە لەوانەیە گرینگ بێت بۆ تەندروستی ئەتۆ، ئەوە لەوانەیە هەمتر پێوەندی بە ئەتۆ بکەین.

کۆکردنەوەی ئەنجامی شیکاری لە تۆمارەکە زانیاری تێدا نیە کە ببێتە هۆی ناساندنەوەی کەسێکی تایبەتی. زانیاریەکان هەمشە بە پەنهانیی پارێزیی یاسادیاریکراو بە پێی یاسای پاراستنی زانیاری مامەڵە دەکرێن .

ئەتۆ هەر کاتێک بێت دەتوانیت بڵێیت نە بۆ درێژەدان بە تۆمارکردن، داوای کورتەیەک لە تومارەکە بکەیت یان داوای سڕاندنەوە یان نەناساندنەوەی زانیاریەکان بکەیت لە تۆمارەکە.

دەستگای بەرپرسی ناوەندی زانیاری کەسی نەخۆشخانەی زانکۆی کارۆلینسکایە کە بەرپرسیاریەکی دادیی سەرەکیانەی هەیە بۆ زانیاریەکانی کەسی لە تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی. چارەسەرکەری ئەتۆ

ری‌اۆمرپ‌ه جنه ی منی‌اڵد
سویدی کران.سررپ ەبی زانیس ەری کایە بۆ مامەڵە درکـنە اک ەل ەکتێک زانیرایە ارن کۆ کـاکنە ەو و تڕادە سی تشێ

## ئەتۆ کۆمەکی چاوەدێریی باشتر دەکەیت

لە ڕێگای بەشداری کردن لە توماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی کۆمەکی باشترکردنی چاوەدێری دەکەیت. بەشداری کردن لە تۆمارەکە دڵخوازانەیە و کار ناکاتە ئەوە چاوەدێریەی کە وەریدەگریت یان وەرتگرتووە. زانیاریەکان بەکار دەهێنرێن بۆ بەراوورد کردنی چاوەدێری لە بەینی نەخۆشخانەی جیاواز و چاوەدێردەر لە سەرانسەری وڵات. ئێمە دواتر ئەنجامەکان بەکار دەهێنین لە کاری باشترکردنمان. توماری چۆنیەتی کۆمەکی وەدەست هێنانی زانیاری نویّ دەکات دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی خوێن و لوو و تا زیاتر بەشداری بکەن ئەوا ئەنجامەکان ئامار دڵنیاتر دەبن.

## بناخەی یاسایی

هەموو ئەوانەی کە زانیاری کەسی مامەڵە دەکەن دەبێت پشتگیری یاساییان هەبێت. چاوەدێردەرەکەت و نەخۆشخانەی زانکۆی کارولینسکا بۆی هەیە زانیاری کۆ بکاتەوە و تۆماریان بکات لە توماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی لەبەر ئەوەی ئەوە وەک زانیاریەکی پێویست لە بەرژەوەندی گشتی لە کۆمەڵگا دەبینرێت (وتاری ٦.١ ئێ). ئێمە هەروەها بۆمان هەیە زانیاری دەربارەی تەندروستی لە تۆمارەکە مامەڵە بکەین بە هۆی ئەوەی کە ئەوە پێویستە لەبەر هۆ کە پێوەندی هەیە بە دابین کردنی چاوەدێری تەندروستی و نەخۆشی (وتاری ۹,۲ هۆ). ڕازی پەنهانیی نەدرکانی بە یاسادیاریکراو هەم کارمەندەکانی ئێمە و هەم کارمەندەکان لە نەخۆشخانەی زانکۆی کارولینسکا دەگرێتەوە (وتاری ۹,۳). بە پێی بڕیاری پاراستنی زانیاری ئەوا هەروەها دەبێت پشتگیری یاسایی هەبێت لە یاسایی سوید لە کاتێک مامەڵەی زانیاری کەسی دەکرێت لە تۆماری چۆنیەتی. ڕێساگەلی وەها هەیە لە بەندی ٧، یاسای زانیاری نەخۆش (٣٥٥: ٢٠٠٨).

## زانیاریەکان ئەتۆ بەم شێوە مامەڵە دەکرێن

زانیاریگەل دەربارەی ئەتۆ لە یاداشتنامەی نەخۆش کۆ دەکرێتەوە، لە لاین ئەتۆ بۆ خۆت و لە لایەن

.، زانیاریەکانی تەنیا دەکرێت بەکاری بهێنن بۆ پێشخستن و دڵنیاکردنی چۆنیەتی چاوەدێری، وەپێشخستنی ئامار و هەروەها بۆ توێژیین لە نێو چاوەدێری تەندروستی و نەخۆش. زانیاریەکان هەروەها دەکرێت، دوای تاقی کردنەوەی پەنهانیی پارێزیی، ڕادەستی کەسێک بکرێن کە زانیاریەکان بەکار دەهێنێت بۆ یەکێک لەم ئامانجانە. ئەگەر ڕادەست کردنی زانیاریەک ڕێپێدراو بێت لە لایەن توماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی ئەوا ئەوە دەکرێت بە شێوەی ئەلەکترۆنیکی بکرێت.

## پەنهانیی پارێزیی

زانیاریەکانت لە توماری چۆنیەتی پارێزراون بە پەنهانیی پارێزیی چاوەدێری تەندروستی ونەخۆشی لە یاسای ئاشکراکاریی و پەنهانیی پارێزیی (٤٠٠: ٢٠٠٩). ئەوە بە ڕێسای سەرەکیانە بە مانای ئەوەیە کە زانیاریگەل دەربارەی ئەتۆ تەنها دەکرێت لە لاین توماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی ڕادەست بکرێت ئەگەر ئەوە ڕوونە کە نە ئەتۆ و نە کەسێکی نێزیکی ئەتۆ زیانتان پێدەگات.

## دڵنیای

زانیاریەکانی ئەتۆ لە توماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی پارێزراون لەدژ کەسانی ناشایستە. مەرجگەلی تایبەتی هەن بۆ چارەگەلی دڵنیای کە بۆ نموونە بە مانای ئەوەیە کە تەنها کەسێک کە پێویستی بە زانیاریەکانی ئەتۆیە بۆی هەیە زانیاریەکانی لەبەردەست بێت، کە لێکۆڵنەوە کە هیچ کەسێکی ناشایستە زانیاریەکانی لەبەردەست نەبووە، کە زانیاریەکانی ئەتۆ پارێزراون لە ڕێگای کۆدکردن و هەروەها زانیاری چوونەژوورەوە بۆ دەسترەسی زانیاریەکان تەنیا دەکرێت بە شێوەیەکی دڵنیا بکرێت.

# تۆماری چۆنیەتی تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی

## دەستڕەسی

وەک چاوەدێردەری ڕاپۆرتکەر کارمەندی شایستە لای

دەستڕەسی ڕاستەوخۆیان هەیە بۆ ئەو زانیاریانە کە ڕاپۆرت کراون بۆ توماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی، بەڵام ئەگەرشوورای ئوستانی ماڵەوەی دیکەت هەیە ئەوا کەسانی بەرپرسی چاوەدێری لە شوورای ئوستانی ماڵی خۆت هەروەها دەستڕەسی ڕاستەوخۆیان هەیە و هەروەها ئەو کەسانەی کە بەرپرسی لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی تۆمارەکەن. هیچ ڕێکخراوەکی بنکەی تەندروستیی دەرەکیی دەستڕەسی ڕاستەوخۆ نیە بۆ ئەم زانیاریانە. وەک بەرپرسی تۆمارەکە کارمەندی شایستە لای نەخۆشخانەی زانکۆی کارولینسکا هەروەها دەتوانن بەشداری زانیاریەکانی ئەتۆ بن.

## ماوەی هەڵگرتن و لابردن

زانیاریەکانی ئەتۆ لە توماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی دەکرێت لابرێن دوای بڕیار لە لایەن دەستگای ئەرشیف لە شوورای ئوستانی خۆت. بەڵام مەبەستێکی گرینگی توماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی وەدواکەوتنی کارتێکردنگەلی درێژخایانی نەخۆشی شێرپەنجەی منداڵ و چارەکردن دوواتر لە ژیانە، و ئەوە بە مانای ئەوەیە کە زانیاری لە ماوەیەکی زۆر درێژ دەبێت کۆ بکرێتەوە. لەبەر ئەوە ئاسایانە زانیاریەکان پاشکەوت دەکرێن تا دوواتر بۆ بەکارهێنانی مێژوویی، ئاماری یان زانستی.

## مافەکانی ئەتۆ

- ئەتۆ مافی ڕەتکردنەوەی تۆمارکردنی زانیاریە کەسیەکانی خۆت هەیە لای توماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی.
- ئەتۆ مافی هەروەها مافی ئەوەت هەیە کە هەر کاتێک بێت داوای سڕینەوەی زانیاری دەربارەی خۆت بکەیت لە تۆمارەکە.
- ئەتۆ مافی سەلماندنی ئەوەت هەیە کە ئەگەر زانیاری کەسی کە پێوەندیان بە ئەتۆ هەیە لە لایەن نەخۆشخانەی زانکۆی کارولینسکا مامەڵە دەکرێن و ئەگەر وەها بێت بە خۆڕای کۆپیەک وەرگریت لە زانیاریەکانی کەسی. ئەتۆ هەروەها مافی ئەوەت هەیە کە زانیاریەکانی کەسی بە شێوەی ئەلەکترۆنکی وەرگریت.
- ئەتۆ مافی ئەوەت هەیە داوای ڕاست کردنەوەی هەڵە بکەیت لە زانیاری کەسی دەربارەی خۆت و تەکمیل کردنی زانیاری کەسی ناتەواو.
- ئەتۆ مافی داوای کردنی سنووردارکردنی مامەڵە کردنی زانیاریەکانی خۆت هەیە ئەگەر
  - هەست بەوە دەکەیت کە زانیاریەکانی کەسی خۆت نادروستن و لە ماوەیەک کە دەرفەتی لێکۆڵینەوەی دروست بوونی زانیاریەکانی کەسی دەدات بە نەخۆشخانەی زانکۆی کارولینسکا.
  - هەست بەوە دەکەیت کە مامەڵەکردنەکە نایاسایانەیە و دژایەتی سڕینەوەی زانیاریەکانی کەسی دەکەیت و لەباتی ئەوە داوای سنووردارکردنی بەکارهێنانی ئەو زانیاریانە دەکەیت.
  - لە دۆخێک کە نەخۆشخانەی زانکۆی کارولینسکا هیچ زیاتر پێویستی بە زانیاریەکانی کەسی نیە بۆ ئەنجامەکانی چارەکردنەکە (سەرەوە ببینە) بەڵام ئەتۆ هەست بەوە دەکەیت کە ئەتۆ پێویستت بە ئەوانەیە بۆ دیاریکردن، بەرەودارکردن و پاراستنی داواکاریی یاسایی.
- ئەتۆ مافی وەرگرتنی زانیاریت هەیە دەربارەی ئەوە کە کام یەکەی چاوەدێری و لە کام کات دەستڕەسی زانیاریەکانی ئەتۆی هەبووە.
- ئەتۆ مافی خەرمانەت هەیە ئەگەر زانیاریەکان مامەڵە بکرێن دژ بە بڕیاری پاراستنی زانیاری یان یاسای زانیاری نەخۆش.
- ئەتۆ مافی شکایەتت هەیە لای دەستگای چاوەدێری.

## **تۆماری چۆنیەتی تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی**

**ئەگەر ئەتۆ ئەوە پەسەند دەکەیت کە زانیاریەکان لە تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی بمێننەوە ئەوا پێویست ناکات هیچ بکەیت.**

## زانیاریگەلی پێوەندی

ئەگەر زانیاری زیاترت دەوێت دەربارەی تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی، دەسترەستی زانیاریەکانت، داوای ڕاست کردنەوە، سنووردارکردن، سڕینەوە، یان دەتەوێت زانیاری وەرگریت دەربارەی ئەو دەسترەسیە کە هەبووە بۆ زانیاریەکانت ئەوا دەتوانیت پێوەندی بکەیت بە:

تۆماری چۆنیەتی نەتەوەی - تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی، زانستگای کارولینسکا، یەکەی توێژینی شێرپەنجەی منداڵ،

شەقامی تومتەبوودا ڤێگەن ١٨ ئا، قاتی ٨، ١٧١٧٧ ستوکهۆڵم (سۆلنا)

ژمارەی تەلەفۆن: ٥٢٤٨٢٣٦٥ ٤٦+

پۆستی ئەلەکترۆنیکی: svenska-barncancerregistret@kbh.ki.se

ئەگەر دەتەوێت پێوەندی بە نوێنەری پاراستنی زانیاری بکەیت لای

یان لای نەخۆشخانەی زانکۆی کارولینسکا:

نوێنەری پاراستنی زانیاری
نەخۆشخانەی زانکۆی کارولینسکا
١٧١٧٦ ستوکهۆڵم
ژمارەی تەلەفۆن: ٠٠ ٧٠٠ ٥١٧ - ٠٨ (پێوەستگا)
پۆستی ئەلەکترۆنیکی: dataskyddsombud.karolinska@sll.se

ئەتۆ هەروەها دەتوانیت زیاتر بخوێنیتەوە دەربارەی تۆماری چۆنیەتی لە ماڵپەری www.kvalitetsregister.se

## تۆماری چۆنیەتی تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی

**<u>ئەگەر دەتەوێت پێوەندی بە تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی بکەیت، تکایە ئەم بەشەبلیتە بنێرە بۆ ئەو ناونیشانە کە هەیە لە لاپەرەی پێشوو.</u>**

**ئەمن داخوازی (یەک یان چەندین لەمانە زەرب لێدە ئەگەر دەتەوێت):**

☐ کورتەیەک لە تۆمار لە لایەن تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی

☐ کە زانیاریەکانی ئەمن لە تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی نەناسراو بکرێن

☐ کە زانیاریەکانی ئەمن لە تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی بسڕنەوە

☐ زانیاری زیاتر دەربارەی تۆماری شێرپەنجەی منداڵی سویدی

<u>زانیاریەکانی پێوەندی ئەمن:</u>

ناو:

ناونیشان:

ژمارەی تەلەفون:

______________________________________________________

بەروار/ ناو / ئیمزا